# جەعفەری و مالیکی ؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

لە پاش پرۆسەی ئازادی عیراق دوو حاکمیەت و سیٚ کابینەی حوکمرانی پێك هێنراوە، حاکمیەتەکان بریتی بوون لە حاکمیەتی جەی گارنەر کە تەمەنی زۆر کورت بوو لەگەلٚ حاکمیەتی پۆلٚ بریمەر کە سالٚێکی تێپەراند و لەژێر سیستمی دەسەلاتی کاتی هاوپەیمانان و ئیرشادی راستەوخۆی کۆشکی سپی و کۆنگرێسدا کاریاندەکرد، کابینە حکومیەکانیش یەکەمیان بە کابینەکەی ئەیاد عەللاوی ناسرا کە شیعەیەکی رادیکالٚ و عیلمانیەکی کراوە بوو، دووەمیان کابینەکەی ئیبراهیم جەعفەری بوو کە مشتومرێکی زۆری لە ناوەندەکانی حەوزەی شیعی و ناوەندی سیاسی عیراقیدا لیٚکەوتەوەو پیٚکهێنانی کابینەکەش بۆ ماوەیەك دواکەوت، جەعفەری کەسی یەکەم و سەرۆکی دوەم گەورەترین حزبی شیعەیە لە عیراقدا کە حیزبی دەعوەی ئیسلامیەو لە دوای ئەنجومەنی بالآی شۆرشی ئیسلامیەوە دێت کە ئێستا عەبدولعەزیز حەکیم رابەرایەتی رۆحی ئەکات، سیٚهەمیان کابینەی نوری مالیکیە کە پێشتر ئەم کەسایەتیە ناوی جەواد مالیکی بووبە سیفەتی وتەبێژی رەسمی حکومەتەکەی ئیبراهیم جەعفەری و کەسی دووەمی حیزبی دەعوەی ئیسلامیە و کەسایەتیەکی ستراتیجیەو ئێستا سەرۆکی حکومەتە، لەسەردەمی مالیکیدا مادەی 58 کە تایبەت بوو بە ئاسایکردنەوەی رەوشی کەرکوك و گەرانەوەی بۆ سەر هەرێم گۆرا بە مادەی 140 و بەبیٚ بەشداری کارای سوننە کابینەکەی خستەکار، ئەم کابینەیە بە یەکێك لە ئالۆزترین کابینەکان دادەنرێت و ئێستا مشتومری زۆری لەسەرە تا هەلٚوەشێتەوەو جەعفەری یان عەللاوی شوێنی بگرێتەوە، هاتنی ئیبراهیم جەعفەریش بۆ کوردستان لەم ئان و ساتەدا رەنگە بۆ راکێشانی سۆزی کوردەکان و لیستی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان بێت تا پالٚپشتێك بۆ خۆی دروست بکات و جارێکی دیکە لوتکەی هەرەمە وەزاریەکان بۆ خۆی بەدەست بهێنێتەوە، ئەگەرچی لەگەلٚ مالیکیدا کوری یەك خانەخویٚ و ئایدۆلۆژیان و دامەزرێنەری یەك قوتابخانەی فکری و مەزهەبین بەلآم کێبرکێکانیان بۆ وەدەستهێنانی پۆستە حکومیەکان ناشاردرێتەوە بەتایبەتی لە سیاسەتی دەولٚەتدا مالیکی رادیکالٚترەو حەز بە ویلایەتی فەقیە ناکات و ناشیەوێت سێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران هەبێت بەسەر کابینەکەیداو خۆی وەك مەزهەبیەکی دیموکرات و سەربەخۆ ئەناسێنێت، کۆبونەوەکانی کۆشکی سپی و کۆبونەوەی لەگەلٚ جۆرج بۆش و کۆنگرێس دەرخەری ئەم بۆچونەیە، هاتنی جەعفەری بۆ کوردستان بەدوای کۆمەلٚێك مانۆری سیاسی و گومانی کۆدەتای هەندیٚ لە بالٚە عیراقیە تازە ئۆپۆزسیۆنەکانی تاراوگەوە دێت وەك بالٚی ئەیاد عەللاوی و کۆبونەوەی قاهیرەو زۆربوونی تەقینەوەکانی بەغداو کەرکوك، وە دوای سەردانە دیبلۆماسیەکەی شاندی رەوتی سەدریش دێت بۆ کوردستان کە هەلٚویٚستی موقتەدا سەدریان بۆ کوردەکان روونکردەوەو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا لە سلێمانی نیەتباشی خۆیان بۆ مادەی 140 نواندو بەرەسمی رایانگەیاند کە لەگەلٚ جیٚبەجیٚکردنی ئەو مادەیەدان بەلآم دواتر ئەم بۆچونە رەدکرایەوە لە بەغداد، ئەگەرچی رەوتی سەدری پاشەکشەی خۆیان لە پەرلەمان پێش چەند مانگیٚ راگەیاندو بایکۆتی مالیکیان کردو ئەوەندەی دیکە کاریگەرییان لەسەر حکومەت دروستکرد و وەك چاودێرو ئۆپۆزسیۆنی شیعە خۆیاندایە قەلٚەم، لە ناوخۆی عیراقیشدا فشارەکان زیادیان کردووە لەسەر حکومەتەکەی مالیکی کە تا ئێستا نەیتوانیوە وەکو پێویست سەرەداوەکانی تیرۆرو تەقینەوەکان دەستنیشان بکات و ناکۆکیەکانی ناو حکومەتەکەی ئیدارە بدات، هەروەك نەیتوانیوە پرەنسیپە دەستوریەکان وەکو خۆی جیٚبەجیٚ بکات و دەستوری عیراقیش هەموار بکات، بەتایبەتی مادەی دەستوری 140ی تایبەت بە ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوك و ناوچە تازە ئازادکراوەکان کە لەسەردەمی مالیکیدا بە بنبەست گەشت و ئومێدی ئەوەی لێناکرێت کە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا جیٚبەجیٚ بکرێت، ئەمانە هەموو ئاماژەی پشت سەردانەکەی جەعفەری و رەوتی سەدرین بۆ کوردستان و هەندێك سەرچاوەش پێیان وایە سیناریۆیەکی مالیکی– جەعفەرییە بۆ کەشفکردنی سەرەداوەکانی ئەو مانۆرو بیرۆکانەی کە ئەخوازن شیعە لە لوتکەی حوکمرانی دوورخەنەوە و کارەکتەرە نوێکانی سوننە بدۆزنەوە، دیارە بۆ ئەو مەبەستە شاراوەیەش شیعەکان ئێستا لە هەرکات زیاتر پێویستیان بە هاوپەیمانی کوردستانی هەیە و گرنگە هاوپەیمانی کوردستانیش ئاگاداری ئەو گەمە تازەیە بێت و بیسوپرێنیٚ بە ئاراستەی بەرژەوەندیەکانی خۆی و بەتایبەتی مادەی 140 کە بە رووکەشدا دیارە نە مالیکی و نە جەعفەری و نە سەدریەکانیش رێگرنین بۆ جیٚبەجیٚکردنی!! ئاخۆ ئەو کارەکتەرە بەهێزانەی گۆرەپانەکە کە لە ناو حوکمدارییان و هاوسۆزی کێشەی کوردو مادەی 140 بن لە چی ئەترسین و کەرکوك بۆچی بەودەردە براوە؟